# جدیەتی سەربەخۆیی کوردستان و ناڕاستی کۆمۆنیستە کرێکاریەکان

سامان سەعید

9ی کانونی دووەمی2007

ئەمرۆ هەر ڕاپرسیەک لە کوردستان بکرێت بۆ پرسی جیابونەوە بێشک زیاد 95% هاولاتیانی کورد دەنگ بە جیابونەوە دەدەن.ئەم هەڵبژاردنە کاردانەوەیەکە لە بەرهەمی مێژوویەکی رەش و خویناوی ، بەرهەمی  ستەمی سەر کورد و درندەیی و فاشیستی دەولەتانی مەرکەزی لە عێراق، ئێران، تورکیا و سوریا ،کە بواری بۆ بیرو بۆ چوونی  پێکەوەژیانی کوردو نەتەوەی سەردەست نەهێشتۆتەوە، هەربۆیە سەربەخۆیی کوردستان و پێکهێنانی دەولەتی سەربەخۆ خواستێکی لەمێژینەی جەماوەری کوردە و بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزو بەردەوامە.

سەرەرای ئەم زیندوو بوون و بەهێزیەی بزوتنەوەی سەربەخۆیی کوردستان ، کۆمۆنیزمی کریکاری ماوەی 10 سال زیاترە ئەم شیعارەی بەرز کردۆتەوە کەچی نەیتوانیوە لە کۆمەڵگایەکی زیاد لە 4 ملیۆنی دا 100 کەسێک لە دەوری خۆی کۆبکاتاوە.

بوونی (جیابوونەوەی کوردستان) بە سیاسەتی رەسمی (کک) لە نوسینێکی مەنسور حکمت سەرچاوەی گرت کە لەسالی 1995 نووسی ،ناکۆکی و ناکارامەیی (کک) لەم بوارەو لەم 10 سالەدا بۆ تیروانینی ئەو نوسینەی مەنسور دەگەریتەوە ، ئەو سەرەرایی ئەوەی تەئکید لە ستەمی سەر کورد دەکات و دەلیت:(مەسەلەی کورد یەکیکە لە گرنگترین مەسەلە میللییە چارەسەر نەکراوەکان لە جیهانی ئەمرودا. خەسلەتی ناوچەیی ئەم مەسەلەیەو لەنیودا بوونی پیی سی دەولەتی ئیرانو عیراقو تورکیا، یەکەم، بەرجەستەییو گیان سەختییەکی تایبەتیی بەخشیوەتە مەسەلەی کورد، وە دووەم چارەسەر کردنی ئەم مەسەلەیەی تەنانەت لەچوارچیوەی هەریەکیک لەو ولاتانەشدا زور دژوارو ئالوز کردووە. مەسەلەی کورد بەحوکمی عەرەبی بوونی عیراقو قەومی بوونی پیناسەی "عەرەب"، لەچوارچیوەی عیراقدا چارەسەری مەحالە.)* ، بەلام چارەسەرێک کە ئەو کردی بە سیاسەت وەلام دانەوەو نەفی کردنەوەی ئەم واقعیەتە نەبوو ، بەلکو وەلام بوو بە دابراوی کوردستان  لە دەولەتی مەرکەزی، وەلام بوو بەوەی کە دانیشتوانی کوردستان شوناسی نیشتمانی یان نیە و پیویستە بۆیان دروست بکریت. بە جیا لەمە بۆ ئەو و (کک) مەسەلەکە گۆرینی هێزی سێ یەم بوو  بە هێزی یەکەم ، هەولدان بوو بۆ سواربونی شەپۆلی بزوتنەوەی سەربەخۆخوازی کوردستان بۆ راکیشانی بەرەی ژێر پێ ی  ناسیونالیزمی کورد ، هەر بۆیە ئەم مەنتقی بیرکردنویە(راکێشانی بەرە) بووە سیاسەتی  گشتی و وەلام دانەوە بە مەینەتی میلەتیک کە بەردەوام کوشت وکوشتار و جینۆساید کراوە کرایە خزمەت ئامانجی راکێشانی ئەم بەرەیەوە ( لە کاتێکدا  بەرەکەش هەموو کات و ئیستاشی لەگەڵ بێت مومکێن بووە و مووەکنە بە رەشەبای ئەو ئالوگۆرانەی لە عێراق و ناوچەکە دروست دەبن بەهەوادا بچێت). بۆیە لەجیاتی ئەوەی (کک) وەک پالەوانیکی سەربەخۆیی کوردستان دەرکەوێت لەچاوی جەماوەری کورددا دەبیتە فسفس پالەوان و ووتە و بەلینەکانی بەجدی وەرناگرن و نابنە هیزی .

وەک باسم کرد (کک) بنەمای سیاسەتەکەیان وەلام دانەوە بووە بەهەلواسراوی کوردستان نەک مەسەلەی میللی ، بۆیە وەختیک هەرزەکارو کالفامانە سەیری داگیرکردنی عێراق و روخاندنی بەعسیان کرد ئیتر لەم سیاسەتە پەشیمان بونەوە و ووتیان ستەمی میللی سەر کورد نەماوە ،ئەندامە کوردەکانیان بوون بە سەلاحەدینی ئەیوبی بۆ رزگارکردنی عیراق لە داگیرکاری ئەمریکا و کوردیان بۆ ئەم ئەرکە بانگەواز کرد.

چەند مەسەلەی تر هەیە لەم بوارەدا کە (کک) لە چاوی جەماوەری کوردەوە ناجدی تەنانەت نا خۆشەویست کردووە.لەوانە:

1- تەحقیری هەموو شتیک لەژیر پەردەی دژایەتی کردنی ناسیونالیزم، دیاردەی رۆژانەی خەلک لە جۆری پۆشاک ، خواردن ، زمان ، کەلچەر ، بەرزکردنەوەی ئالا و هتد.. لەجیاتی رەخنەگرتن لە خراپیەکانی لای کۆمۆنیزمی کریکاری کراوەتە جێگای گالتەجاری و سوکایەتی ، باشترین نموونە گالتەکردنی (حەمیدی تەقوایی) ریبەری (کک) کە دەلیت :( کورانی کوردستان کە دەیانەویت میبازی بکەن بە لەهجەی تارانی قسەدەکەن). یان ئەو قسەوباسانەی کە (کک) سەبارەت بە ئالای کوردستان دەیکات، لەکاتێکدا ئەو ئالایە لەبەرمبەر ستەمکارانی سەرکورد بووە بە سیمبولی بەرگری و بەرخوردان.

2- نادروستی سیاسەتیان لە پەیوەند بە داگیرکاری عێراق لەلایەن ئەمریکا و جێگەورێگەیەکی نوێ کە بۆ مەسەلەی کورد و ناسیونالیزمی کورد هاتۆتە  پێشەوە. بەدرێژایی مێژوو رووداوە ناوچەیی و جیهانیەکان کارکردی سەرەکی بوون لە سەپاندنی ستەم و توندکردنەوەی زیاتری ستەمکێشی بەسەر جەماوەری کورداو هەمیشە ناسیونالستەکان و فاشیزمی تورک وعەرەب و فارس هەولیان داوە زورترین سود لەو روداوانە وەربگرن بو پاشەکشە پێکردنی بزووتنەوەی بەرهەق و ئازادیخوازی کوردستان. بۆ کوردیش هیچ نادروست و کفر نیە سود لەو روداو سیاسەتانە وەربگرێت کە دەبنە هۆی لاوازکردنی دەولەتی مەرکەزی و روخاندنی . بەرای من خۆشحالی جەماوەری کوردستان و پیشوازی کردنی لە ئەمریکا

**بنەمایەکی مەنتقی و واقعی هەیەوناسیونالیزمی کوردیش دروست کاری کرد لەوەی خۆی لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا گونجاند، لەدوای روخاندنی یەکێتی سۆڤیەت وبلۆکی رۆژهەلات ئەمریکا بووە بە بالادەستی دنیا و زۆربەی کێشەکانی دنیا بەبێ بردنی زۆرترین قازانج بۆ ئەمریکا یەکلا نابنەوە،ئەمریکا لە تەواوی دنیا خەریکی ملهوری و تاوانە بەلام کارکردی سیاسەتەکانی لە ناوچەکە بە قازانجی کزکردن و بەرتەسک کردنەوەی تواناو ملهوری دەولەتاکانی ناوچەکە بووە و فرسەتی زیاتری بۆ بزوتنەوەی هەقخوازانەی کورد دروست کردوە و مەسەلەی سەربەخۆی کوردستان و دابرانی یەکجاری لە عێراقی عەرەبی بردۆتە قۆناغێکی باشترەوە،ئەمە بۆ کوردێک کە دەروازەیەکی تر شک نابات تا بە قازانجی کێشەرەواکەی سودی لێ ببینێت جێگای پێشوازیە.هەر حیزب وبزوتنەوەو کەسێک رەخنەی لەمە هەیە دەتوانێت بزووتنەوەو بە دیلێکی تر نیشان بدات کە جەماوەری کورد دلی خۆی پێ خۆش بکات . بەداخەوە ئەمرۆ هێزێکی تر نیە زۆربەی زۆری ئەو هێزە چەپ و ئازادیخوزانەش کە لە دنیادا مەوجودن لە پەیوەند بە داگیرکاری عێراق لە لایەن ئەمریکا تەنها بە دیدگای دژە ئیمپریالیزم کاردەکەن و لەم روەشەوەیە بوونەتە پەیمان دەرو پشتیوانی تیرۆریزمی ئیسلامی.**

**ئەو نارەوا بینینەی (کک) بۆ ئەو خۆبەستنەوەی جەماوەری کورد و ناسیۆنالیزمی کورد لەگەل سیاسەتەکانی ئەمریکا وای لە هەلوێست و میدیای کۆمۆنیزمی کرێکاری کردووە کە کورد وەک بەشیک لە لایەنەکانی شەری تائیفی عێراقی بدەنە قەڵەم و لە دنیای دەرەوە باسی بکەن، نموونە بۆ ئەمە ناردنی نامە بۆ کوفی ئەنان سکرتێری نەتەوە یەکگرتوەکان لە لایەن <u>تاهیر حەسەن</u> ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق کە لەنامەکەیدا دەڵیت ئەگەر فریا نەکەون کورد لە کەرکوک عەرەب قەتل وعام دەکات . هەروەها <u>حەمیدی تەقوایی</u> رێبەری (کک) لە چاوپێکەوتنێکی TV دا دەلێت (سوننە شیعە دەکوژێت، شیعە سوننە دەکوژێت ، کورد هەردووکیان دەکوژێت)، لە کاتێکدا ئەمە تەواو ناڕاست درۆیە، کورد نەک بەشێک نیە لە هاوکێشەی شەری تائیفی بەلکو سەرەرای ئەوەی ناسیونالیزمی عەرەب لە لاوازیدایە کەچی لەو ناوچانەی دانیشتوانەکەی تێکەلە، گروپ و دەسەجاتی تیرۆریستی دروست بوون ئەرکەکەیان تەنها کوشتنی هاولاتی کوردە و کوشتنی زیاد لە 2000 کورد لە ناوچەکانی موسل نمونەی ئەو تاوانکاریانەیە. ئەو راگەیەندنانەی (کک) بە جیا لە ناراستیەکەی، سەرئەنجام خزمەت بە رق ئەستوری و دەمارگیری ناسیونالیستە عەرەبەکان دەکات دژی کورد.**

**دیارە بۆ من و هەر هەلسوراوێکی چەپ چاوەروانی و خۆشخەیالی جەماوەری کورد لە ئەمریکا مایەی تەکفیر کردنی نیە ، چونکە ئەمریکا ئیمپریالیست و ملهور و تاوانکارە ، دەکرێت چەپێکی واقع بین هەول بدات جەماوەری کورد لە خۆشخەیالی و چاوەروانی رزگار بکات و ئیرادەیان بۆ بگێرێتەوە و فێریان بکات چاوکراوەبن و لە سیاسەتەکانی ئەمریکاو ئالوگۆرەکانی ناوچەکە ئەوەندی قازانجی بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەیە سودی لێ وەربگرن و خۆیان بە هێز بکەن بە جۆریک لەجیاتی چاوەروانی لەوەی سیاسەتی ئەمریکا بە قازانجیان بێت، کورد بۆ خۆی ببیت بە هێزێکی فشارهێن بۆ ئەمریکا و هێزەکانی تر بە قازانجی خۆی، هیچ ئالوگۆرێک لە عێراق و ناوچەکە بەبێ حساب کردن چارەسەری مەسەلەی میللی کورد جێ بەجێ نەکرێت. هەروەها جەماوەری کورد فێربکات لە کەلێنی ناکۆکیە جیهانیەکان دەرگا ودەروازەی تر بە رووی خۆیاندا بکەنەوە و و سودی لێ وەربگرن. هەول بدەن پشتیوانی هەر هێزیکی ئینسانی دیا هەیە بۆ خواست و بزووتنەوەکەیان رابکێشن.**

**3- <u>مەسەلەی کەرکوک</u> دەولەمەندی و زۆری نەوتی کەرکوک ئەو بەشەی کوردستانی کردووە بە جیگای زۆرترین کێشمەکێشی ناوخۆیەکانی عێراق و ناوچەکەو هاولاتی کوردی ئەو شارەشی کردووە بە زۆرترین ستەمدیدەو چەوساوە.**

**سەرەرای بوونی دۆکۆمێنتێکی زۆری مێژوویی سەبارەت بە وەی کەرکوک شارێکی کوردستانی یە ، بەلام هەرخودی ئەوەی رژێمی بەعس بەدرێژایی تەمەنی سەرکوتگەری سیاسەتی راگواستنی زۆرەملێی کورد و داگیرکردنی سەروەت وسامانیان و بەخشینی بە خەڵکی عەرەبی هاوردە لە شارەکانی ناوەراست و جنوب پیادەکرد و هەولی دا بە سیاسەتی(ترحیل و تعریب) دیمۆگرافیای شارەکە بگۆرێت بەسە بۆئەوەی ناشارەزایەکی سیاسەتیش تێبگات کە ئەو شارە کوردستانیە ، (کک) ئەم واقعیەتە فەرامۆش دەکات و لە ژێر پەردەی ئینسانی بووندا، بانگەوازی هەموو جەماوەری کورد و بەتایبەت کوردی کەرکوک دەکات واز لە مافی زەوتکراوی خۆیان بهێنن. ئەم دەرفەتەش کە هاتۆتە پێش بۆ گەرانەوەی سەروەت وسامان و وجودی ئینسانی و ئازادی یان لە دەست بدەن . وەختیک باس لەوە دەکەن کە کەرکوک بۆمبێکی تەوقیت کراوە ئەوە فەرامۆش دەکەن کە بۆمبەکە ئەو هەزارەها مالەن کە لەناوەراست و خواروی عێراق هێنراون بۆ ئەو شارە و لەسەر ملک ومالی داگیرکراوی کورد نیشتەجێ کراون ناسیونال-فاشستی عەرەب لە پشتیان وەستاوە. ئەوە فەرامۆش دەکەن بۆمبەکە دەست تێوەردانی تورکیایە لە کەرکوک لە رێگای دارو دەستە بەکرێگیراوەکانیەوە،ئەوە فەرامۆش دەکەن کە کورد لەو شارە بەشیک نیە لە بۆمبەکە و قوربانی دەستی دروستکەرانی بۆمبەکەیە، لە هیچ شوینیکی دنیا نەبیستراوە بە خەسار لێکەوتوو وقوربانی وترابیت تۆ واز لەمافی خۆت بهێنە باستەمکارو جەلادەکەت نارەحەت نەبێت .**

**سیاسەتی دروست لە پەیوەند بە کەرکوک ئەوەیە کە تەکید لە کوردستانی بوونی بکرتەوە ، هەروەها تا ئەو کاتەی کەسانێکی داگیرکەر لەسەر ملکی دانیشتوانی ئەو شارەبن پیویستە تەئکید لە گەرانەوەیان بکرێتەوە بۆ شۆێنەکانی خۆیان و فشار بۆ حکومەتی عێراقی بهێنرێت قەرەبوی دانیشتوی کەرکوک و ئەوانیش بکاتەوە، مانەوەی ئەوانە لە کەرکوک مانەوەی برینێکی قووڵە لەو شارە هەموو رۆژ قابیلی ئەوەیە بکولێتەوە. مەرجی پوجەلکردنەوەی ئەو بۆمبەی باسی دەکرێت گەرانەوەی ئەوانە و بە گەرانەوەی ئەوان و چۆلکردنی کەرکوک لەوان دەخالەتی ئاژاوەگێری**

**تورکیاش دەتوانرێت کۆتایی پێ بیت ، بە مەرجێک مافی تەواو یەکسان بۆ تورکمانەکان دابین بکرێت. دیارە بۆ چارەسەری کێشەی ناوچە کوردستانیەکانی تریش پێویسە بەم مەنتقە مامەلەی لەگەلدا بکرێت.**

**ئەمرۆ لە دستوری عێراقدا مادەی 140 بریاری لەسەر دراوە بۆچارەسەی ئاشتیانەی کێشەی کەرکوک بریارە تا کۆتایی ئەمساڵ جێ بەجێ بکریت . ئەو مادەیە پرۆژەیەکی باشەو و پێویستە بەرپەرچی هەر هەوڵێک بدرێت کە دەیەوێت بیگۆرێت یان دوای بخات بۆ کاتێکی نادیار.**

**هەموو ئەوانەی سەرەوە باسم کرد هاولاتی کوردی گەیاندۆتە باوەرێک کە کۆمۆنیزمی کریکاری بە هیچ جۆرێک سەربەخۆیی کردستانی بۆ گرنگ نیە و هەر قسەیەکیش لەم بارەیەوە بیکات ناجدی و ناراستە.**

**<u>کۆمۆنیزمی کرێکاری و کەمپینی ئەمجارەیان:</u>**

**کۆمۆنیزمی کریکاری ماوەیەکی زۆرە مەیدانی کوردستانی جیهێلاوە و مەست و سەگەرمی یاری کردنە لە ناو گەمەیەکی جیهانی بۆ دەرکردنی ئەمریکا لە عێراق و خەریکە سەری خۆی و ماهیەتیکی ئینسانی کە هەیبووە لەو یاریەدا دەدۆرێنێت کە دیارە ئەگەر سەربگرێت تیرۆریزمی ئیسلامی دەبێتە بالادەستی جیهان. ئەمرۆ (کک) لە کوردستان وجودی سیاسی و ریکخراوەی یەکسانە بە نەبوون. و دەیانەویت هەرچۆنیک بووە بۆ خزمەتکردن بە ئەرکە عێراقیەکەیان جارێکی تر لە کوردستان دەربکەونەوە. راپۆرتەکەی (بیکەر-هاملتۆن) فرسەتیک بوو بۆ ئەو حیزبە کە خۆی دەربخاتەوە بەلام ئەم جارەش بەهەمان تیروانینی جارانەوە قەوانی کۆنی خۆی لێدا لە ژێر پەردەی (سەربەخۆیی کوردستان)، ئەم جارە شتێک کە لە سیاسەتیاندا گۆرابوو کردنی کەرکوک بوو بە بەشیک لە کوردستان ،بەوەی بەنگەوازەکەیان بە کەرکوک دەست پێ دەکەن، بەلام ئەم ئالوگۆرە لە بروابوون نەبوو بە کوردستانی بوونی کەرکوک ، هەروەک ووتم بۆ هاتنەوە مەیدان و هێز کۆکردنەوە بوو ، ئەوان دەیانەویت جەماوەری کورد بۆسەربەخۆی کوردستان لە یەک کاتێکدا فشار بۆ ئەمریکا بهێنێت،شەری ناسیونالیزمی عەرەب بکەن، شەری دەولەتانی ناوچەکە بکەن، لە هەمان کاتدا شەری ناوخۆ لەگەل ناسیونالیزمی کورد و دەسەلات دارانی کوردستانیش بکەن. کە ئەمە لە تیروانینی مەنتقی خەلکەوە جێگای قبول نیە و دەزانن بەمە دەبنە چەند بەرەو سەرئەنجام بە قازانجی دوژمنەکانی ئەشکیتەوە . هەر بۆیە ئەم جارەش جەماوەر کورد قسەکانی (کک) بە جدی وەرنەگرت و جگە لە ئەندامانێکی خۆیان و کەسانێکی زۆر کەم کەس شوێن بانگەوازەکەیان نەکەوت .**

<u>تێبینی:</u>

**(کک) کورتکراوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریە.**

*** لە ووتاری ( لە پیناوی داکۆکی کردن لە خواستی سەربەخۆی کوردستانی عیراقدا) مەنسور حکمەت وەرگیراوە.**